(پێشکەشە بەڕۆژی ژن، بە هەموو ئەو ژن و پیاوانەی کراسێکی نوێ بۆ خۆیان دروست دەکەن،
هاوکات ناهێڵن بۆنی سمڵ و مێخەک و ڕێحانەی کوردەواری لەوکراسە نوێیە ببڕێت.)

# کراسی کۆمەڵ

ئەو کراسەی بۆتان دوریم
بە ڕۆحم تەسکە، لەبەری ناکەم

کراسێکی بێ ئاوازە
هەم تارە هەم لێڵە، بێ سەدایە، لەبەری ناکەم

بە خەونەکانم بچوکەو
بە دەنگم نەشاز
کورت و کوێرە، بێ ئاگایە، لەبەری ناکەم

بێ پەپولەو وەنەوشەیە
بە بێ نازو بێ خەندەیە
شیرین نیە، لەبەری ناکەم

پڕ قیژەیە، پڕ گریانە
هاوکات خەمە
بە زۆریش بێت، لەبەری ناکەم

بەبێ پرس بۆتان دوریم
بەبێ بینین بۆتان هێنام
هی ئێوەیە، هی من نیە
پیرۆزتان بێت، لەبەری ناکەم
کراسەکەی خۆمم دەوێ
ئاواتەکانم لەوێڕا چرۆ دەکەن
خەونەکانم پەپولەن و

بەهۆشەوە
بە شەرمەوە
بە نازەوە
لە شەقەی باڵ دەدەن

کراسەکەم پڕ گوڵ و پڕ ڕێحانەیە
بۆن مێخەکە
پڕی سمڵ و ناوازەیە

تەنهایی ڕەنگەکانی پێ هەڵبژاردم
بێ کەسی نەخشەکەی بۆ سازدام

لە لوتکەی شاخ ڕەنگی سەوزم بۆ هێناو
لە پانتایی ئاسمان ڕەنگی شینم بۆ چڕی
لە هەورەکان ڕەنگی پەمەییم سەنیوە
لە دەنکی هەنار ڕەنگی سورم دەرهێناوە

هەڵۆ فێری بەرزە فڕینی کرد
خونچە دەرسی پێ دا چۆن
بە فەخرەوە، بەئەسپایی بگەشێتەوە

پەڕەی گوڵ بە چرپە پێی گووت
بەر لەوەی کازێوە شەونم وشک کاتەوە
بە لێوی عەشق گەردەکانی بنۆشە

پەلکەزێڕینە عیشوەی فێر کرد
تابۆ ئەبەد لە دەست شنەبا سەما بکا



*The Dance by Rassouli*

**فریشته کاوه**

**13.01.2005**